خالید شوانی :وەزیری سامانە سروشتییەکان وتوێتی ماوەی سێ ڕۆژییان پێویستە بە دەستکردنەوە بە هێناردەی نەوت



خالید شوانی، وەزیری دادی عێراق لەبارەی وادەی دەستپێکردنەوەی هێناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، ئەمە لە کۆبونەوەی ئینجومەنی وەزیراندا، وەزیری نەوتی عێراق وتوێتی، هەموو لایەنە تەکنیکی و لۆجیستییەکان ئامادەن و پێشتریش وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم لە کۆبونەوەکاندا وتوێتی، ماوەی سێ ڕۆژییان پێویستە بۆ دەستکردنەوە بە هێناردەی نەوت.

خالید شوانی، وەزیری دادی عێراق لە لەدوانکدا بۆ میدیای یەکێتی کەموتێع بەدواداچوونی بۆ کردووە لەبارەی ئەوەی کێی هێناردەی نەوتی هەرێم دەستپێدەکاتەوە؟ وتیی"لە کۆبونەوەی ئەمڕۆی ئینجومەنی وەزیرانی عێراقدا، سەرۆك وەزیران ئەم پرسیارەی لە وەزیری نەوتی عێراق کرد، وەزیری نەوت وتی، هەموو لایەنە تەکنیکی و لۆجیستییەکانمان ئامادەن و لەلایەنی تورکیاشەوە ئاگادارکراوینەتەوە کە ئەوانیش ئامادەن."

هەروەها وتیشی، "ئەو ڕۆژە لە کۆبونەوەکانیشدا وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێم وتی، ماوەی دو بۆ سێ ڕۆژمان پێویستە (بۆ هێناردەکردنەوە)."

وەزیری دادی عێراق ئاماژەی بۆشدا "بێ بابەتکان ئیدی زیاتر بابەتی تەکنیکین، لایەنە سیاسی و ئیداری و یاساییەکانی تەواو بوە."

خالید شوانی هەمای بۆ ئۆش کرد کە رێککەوتنێکی نێوان بەغداو هەرێم لە ئەمڕۆ بەتە بیاری ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و وتیشی"هیوادارم بۆ نەرمی مامەڵە لەگەڵ ئەم بیاردا بکەین و شتی بچوك گەورە نەکەینەوە. ئەو شتە بچوکانەی ئێگەر تەواینی جیاوازیشیان لەبارەوە هەبێت، بتوانین بۆ لێکتێگەیشتن لەگەڵ یەکدی چارەسەریان بکەین بۆ ئەوەی جارێکی تر کێشە بۆ موچەی فەرمانبەرانی هەرێم سەرهەڵ نەداتەوە."